Revolutionareis Union of Kurdistan

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

# بە ئامادە بوونی زۆربەی حیزبە سیاسیەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان
# رێورەسمی رێزلێنان لە شەهید شوانە و پشتگیریی لە را پەرینی خەڵکی مهاباد
# لە هەولێری پایتەخت بەرێوەچوو






سەعات 7ی پاشنیوەڕۆی رۆژی پێنجشەممە 2005/7/14، بۆ رێزلێنان لە شەهیدی قارەمان سەید کەماڵ ئەسفەرەم، ناسراو بە "شوانەی سەید قادر" ئەندامی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان و پشتیوانی دەربڕین لە راپەڕینی خەڵکی مهاباد، رێوڕەسمێکی بەشکۆ لە بنکەی پێوەندییەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو.

لەم رێوڕەسمەدا، ژمارەیەکی بەرچاو لە حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان و ژمارەیەك لە کەسایەتییەکان و خوێندکارانی کوردی رۆژهەڵات لە زانکۆکانی باشووری کوردستان بەشدار بوون و بە ناردنی بروسکە و پێشکەش کردنی وتە، سەرەخۆشییان پێشکەشی سەرکردایەتیی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان وبنەماڵەی شەهید کرد و پشتیوانی خۆیان لە راپەڕینیی خەڵکی مهاباد دەربڕی.

ناوی ئەو هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانیانەی کە بەشداریی رێوڕەسمەکە بوون بریتین لە:





1- پارتی دیمۆکراتی کوردستان
2- یەکێتی نیشتمانی کوردستان
3- حیزبی شیوعیی کوردستان
4- یەکێتی دیمۆکراتی کورد لە سوریا
5- یەکێتی نەتەوەیی دیمۆکراتی کوردستان
6- پارتی دیمۆکراتی کورد لە سوریا
7- پارتی کاری دیمۆکراتی کوردستان
8- کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد
9- پارتی سوسیالیستی کوردستان (باکوور)
10- پارتی دیمۆکراتی کوردستان (باکوور)



لەو ڕێوڕەسمەدا، بەڕێز کاک حسەین یەزدانپەنا سکرتێری گشتی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان وتەیەکی بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرد. کاک حسەین روو لە ئامادە بووان وتی: " ئامادە بوونی ئێوەی بەڕێز خەباتگێران و تێکۆشەرانی هەر چوار پارچەی نیشتمان لەم کۆڕەدا واتایەکی گرینگ دەبەخشێ. نیشانەی ئەوەیە کە میللەتی ئێمە لە هەر کوێ بێ و لە هەر کام لە پارچە دابەشکراوەکانیدا بێ، یەک نەتەوەیە و ئازارەکانمان یەکن و ئامانجەکانیشمان هەر یەکن. لە لایەکی دیکەوە کۆوە بوونمان لەم ڕێوڕەسمەدا ئەوە نیشان دەدا کە ئەو سەردەمە رۆیی کە رۆڵەکانی گەلی کورد بێکەسکوژ بکرێن و لە بێدەنگی و بێخەبەرییدا تەرمەکانیان بنێژرێ. ئیتر ئەو رۆژگارە رۆیی کە رێبەرانی کورد تیرۆر بکرێن و رۆڵەکانی گەلی کورد لە پارچەکانی دیکە لە دۆخێکدا نەبن کە لە ماتەمیاندا یان لە کۆڕی رێز لێنانیاندا، لە دەوری یەک کۆوەبن.".

بەڕێز سکرتێری گشتی RUK سەبارەت بە شەهید شوانە وتی:

" شەهید شوانەی سەید قادری کە بە ناسنامەی خۆی کاک کەماڵ ئەسفەرەم بوو و لە ریزی تێکۆشەرانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستاندا، بە "کوردۆ" دەناسرا، خەباتگێڕێکی دڵ پڕ لە ئەوینی رزگاری نیشتمان بوو کە بۆ رێکخستن و سازدانی ڕاپەڕین دژی داگیرکەران و لە پێناو ئازادیی نیشتمانی بن دەست دا گەڕایەوە شارەکەی چوارچرا و رێبەرایەتی و رێکسختنی گەلێک هەستان و ڕاپەڕینی لە یەکساڵی رابردوودا رێبەرایەتی کرد. شوانە ئەو سیما ناسراوەی خەڵکی مهاباد بوو کە ئاڵا هەڵگری جەژن و شادیی سەرکەوتنی فیدراڵی لە باشوری کوردستان بوو. ئەو سەرچۆپیکێشی جەژنی سەرۆکایەتی بەڕێز مام جەلال بە سەر کۆماری عێراق بوو. ئەو سەرچۆپی کێشی جەژنی هەڵبژێرانی مێژوویی بەڕێز بارزانی بە سەرۆکایەتی کوردستان بوو.

هەروەها چالاکی رۆژەکانی پێش شانۆگەریی هەڵبژاردن لە مهاباد و هەڵمەت بردنە سەر ناوەندەکانی درۆ و ڕیا و تەزویری رێژیم ئاخوندی بوو لەو شارە. هەروەها مەشخەڵداری جەژنی نەورۆزی کوردان بوو لە مهاباد لە نەورۆزی رابردوودا و لە گەلێک شاخ و لووتکەی دەورو بەری ئەو شارە ئاگری نەورۆزی دایساند.".

بەڕێز کاک حسەین یەزدانپەنا لە وتەکانیدا، ئاماژەی بەو ماوەیە کرد کە شوانە لە فێرگەی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستاندا بووو وتی :" شوانە لە ماوەی پەروەردە کردن لە رێزەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستاندا، فێری کوردایەتی و گیانبازی و خۆشەویستی و نیشتمان ویستی بوو، فێری بەخشینی وزە و توانای لاوێتی بۆ رزگاری نیشتمان کرا. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی کە ئێمەش پێی سەبەرز بووین و خۆشی سەربەرزانە ئەو بەڵێنەی کە بە خەتی خۆی لە پەروەردەکەیدا نووسیویەتی جوامێرانە بردە سەر.".

سکرتێری گشتیی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان باسی لە کلتوری هاوبەشی بکوژانی شوانە و قاتڵانی رێبەرانی کورد و پیاوکوژەکانی عێراق کرد و وتی:" هەقیقەتێکی تاڵە کە ئەمڕۆ لە سەدەی 21دا رۆڵەکانی گەلی کورد، تەنانەت لە خەباتی مەدەنی و بێچەکدا لە خوێن دەگەوزێن و جەستەیان لەت وپەت دەکرێ. شەهید شوانە تێکۆشەرێکی بێچەک بوو. ئەو لە جەنگەی خەباتێکی مەدەنییدا بوو. ئەو واقعییەتە ئەو راستییە دەسەڵمێنێ کە کلتووری داگیرکەران، کلتوری کوشتار و خوێن رێژییە، کولتووری تەحەممول و دیالۆگ و وەڵامدانەوە و قبوڵی رەفتاری مەدەنی نییە. ئەو کلتوورە هی ئەوانەیە کە لە عێراقدا ئینسانەکان سەردەبڕن. بکوژەکانی شوانە ئەوانەی وا بە ماشینەکەیانەوە بەستەوە و بە جادەکاندا رایانکێشا و سینگیان هەڵدڕی، ئەگەر بە سیما و کەسێتی جیاوازن، بە کلتورو نێوەرۆک قاتڵەکانی حەمزاغای مەنگوڕ و سمکۆی ئەمڕۆ د.قاسملوو و سەعیدی یەزدانپەنا و د. شەرەفکەندی

و ئەنفالچییەکان و کیمیا ڕێژەکانن. ئەگەر بە کەسییەتی و ناسنامە و سیما جیاوازن، بەڵام بە نێوەرۆك سەربڕەکانی هەولێر و بۆمب دانەرەکانی بەغدا و موصل و و کەرکووك و ڕێبەرانی شەڕو کوشتار و تیرۆرن.".

کاك حسەین یەزدانپەنا، بکوژانی شوانەی بە نەزان و شوانەی بە شەهیدێکی خۆشبەخت وەسپ کردو وتی:" چ نەزان بوون ئەوانەی کە پێیان وابوو بە کوشتنی شوانە مهاباد دادەمرکێتەوە. چ نەزان بوون ئەو بڕیاردەرانەی کە پێیان وابوو ئەگەر ئەو بڕیارەی لە چەن مانگ لەمەوپێشەوە بۆ کوشتنی شوانە درا بوو، جێبەجێ بکرێ مهاباد لە جموجۆڵ دەکەوێ. شوانە ئەگەر ڕۆژانێك لە مهاباد ئاڵاهەڵگری خەبات بوو، ئەمڕۆ خۆی بووەتە ئاڵایەك بۆ درێژەدانی خەبات. ئەمڕۆ ئەستاندنەوەی تۆڵەی بۆ لاوان و ژن و پیاوی مهاباد بووەتە ئاڵای خەبات لە قۆناغێکی نوێدا. بەڵام چ خۆشبەخت بوو شوانە کە لە سەردەمێکدا شەهید بوو کە بە ماوەیەکی کورت پاش پۆشینی بەرگی سووری شەهید، لە هەولێری پێتەختی کوردستانەکەم، هەموو پارچەکانی کوردستان لە دەوری یەك کۆ دەبنەوە و ڕێز لە خەبات و ماندوو بوونی دەگرن.".

سکرتێری گشتی RUK، بە ئامارژە بە قۆناغی خەبات لە ڕۆژهەلاتی نیشتمان وتی:" خەباتی گەلی ئێمە لە ڕۆژهەلات چووەتە قۆناغێکەوە، کە بێگومان لە درێژەی خۆیدا بە ڕاماڵینی داگیرکەران لە بست بە بستی ئەم نیشتمانە کۆتایی دێت. تا ئەو دەمیش ئێمە دڵنیاین هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی شوانە ناهێڵن لەمهاباد بۆشایی پێکبێت؛ ڕێگای ئەو درێژە دەدەن و لە هەموو بۆنە و جەژن و یادێکدا یادی شوانە ئیلهام بەخشی خەبات و تیکۆشانیان دەبێ. سڵاو لە گیانی پاکی شوانە، شەهیدی ڕێگەی ئازادیی و سەربەخۆیی کوردستان. سڵاو لە گەلی ڕاپەڕیوی مهاباد شاری قازی و چوارچرا و کۆمار. سڵاو لە گیانی پاکی شوانە کە ئازارەکانی دیاربەکر و قامیشلوو و حەڵەبجە و هەموو ئازارەکانی نەتەوەی کوردی پێکەوە گرێدا.".

لەم ڕێورەسمەدا، شاعیر و روناکبیری کورد کاك جەهانگیر غەفاری (ئاگرین–ئارتیکا کوردی) پەخشانە شێعرێکی بە پێزی پێشکەش کرد کە هەستی ئامادەبووانی ورووژاند.

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

25ی/**پووشپەڕ**/2705

16/**جولای**/2005


www.ruk2691.com

Email: ruk2691@yahoo.com -TEL: 009647504480467 کوردستان(ناوەندی)

Email: ruk_usa@yahoo.com, TEL: 202-4923-235, 519-489-0162, 703-286-5389 ئەمریکا

Email: ruk.europa@betuwe.net - TEL: 0031263252693- Fax: 0031263252157 ئوروپا

ئادریس: باشوری کوردستان، هەولێر شەقامی شەست میتری، کۆڵانی19 ، گەڕەکی336 – مامۆستایان، ژمارەی خانوو(7)

TEL:2226682 - Mob: 4480467